# هەڕەشە و بێباکی لە دانوستاندنی نێوان ئەمریکاو ئێراندا

ڕۆژی گەل

ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو **ئایەتوڵڵا خامەنەیی** ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران گڵۆپی سەوزی لەسەر دانوستاندنی نێوان ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە پەروەندەی عێراق داگیرساند.

ئایەتوڵڵا خامەنەیی کە لە مەشهەد وتاری دەدا، ئاشکرای کرد کە لەسەر داخوازی حکومەتی عێراق، وەزارەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاری داوە دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکیەکاندا بکات.

ئەو گوتی: ئەمریکیەکان بە نووسراوی فەرمی داوای دانوستاندنیان لێکردووین.

ڕێبەری ئێران ڕایگەیاند تا ئەمریکا ڕەفتاری خۆی لەبەرانبەر ئێراندا نەگۆڕێ ئەوان دانوستاندن سەبارەت بە کێشەکانی دیکە لەگەڵ ئەمریکا دا ناکەن.

بەرپرسانی ئەمریکا ماوەیەکە حکومەتی تاران بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و پشتیوانیکردن لە گرووپە توندڕۆکان تۆمەتبار دەکەن، بەرپرسانی ئێرانیش ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هەوڵی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدات.

ئێران و ئەمریکا ڕەزامەندی خۆیان لەسەر دانوستاندن ڕاگەیاندووە، **رایان کرۆکەر** باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق نوێنەرایەتی ئەمریکا لە وتووێژەکاندا دەکات.

لەو پێوەندیەدا **تۆنی سنۆ** وتەبێژی کۆشکی سپی بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند کە ئەوان رامانی خۆیان سەبارەت بە باشکردنی ڕەوشی عێراق دەخەنە ڕوو، بەوهۆیەوە هیوای خواست کە دانوستاندنی نێوان هەردوولا ئاکامی ئەرێنی لێبکەوێتەوەو ڕەوشی ئاسایشی عێراق بەرەو باشتر ببات. ئەو ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئەمە باشترین ئاکامی چاوەڕوانکراوی ئێمەیە. **منۆچەهری موتەکی** وەزیری دەرەوەی ئێرانیش گوتی ڕۆژی ٢٨ی ئەم مانگە باڵیۆزی هەردوو وڵات لە عێراق کۆدەبنەوە.

لەلایەکی دیکەوە چاودێران پێیانوایە سەرکۆماری ئەمریکاو کابینەکەی بۆ داپۆشینی شکستەکانیان لە ئەفگانستان و عێراق بابەتی هێرش کردنە سەر ئێرانیان هێناوەتە ڕۆژەڤەوە، بەڵام تا ئێستا یەکلایی نەبۆتەوە کە ئایا ئەو شەڕە هەڵدەگیرسێ و ئەمریکا توانای ئەوەی دەبێ خۆی لە گێژاوێکی دیکە بهاوێ یان تەنیا شەڕێکی ڕاگەیاندنی و دەروونیەو لەبەرانبەر هەمووانداا بەڕێوەدەچێ؟!

**جۆرج بووشی** سەرکۆمار بەردەوام هەڕەشەکانی دووپات دەکاتەوەو ڕاشکاوانە گەفی بەکارهێنانی هێز لە هەر وڵاتێک دەکات کە بەرژەوەندەکانی بخاتە مەترسیەوە. پرسیار ئەوەیە کامانەن ئەو بەرژەوەندانەی کە جۆرج بووش و کابینەکەی جەختی لەسەر دەکەنەوە؟!

جۆرج بووش بە بیانۆی دورخستنەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر هێزەکانی ئەمریکای ڕەوانەی دەرەوەی سنوور کرد، لەژێر ئەو پاساوشەوە ڕەوایەتی بە شەڕی ئەفگانستان و عێراق دا، بەڵام ئێستا کە هەڕەشەکانی تیرۆر لەسەر بەرژەوەندکانی ئەمریکا زەقتر بۆتەوە، زیانەکانی ئەمریکا بەرچاوترن، ئیدی توانای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی نیە کە ڕۆژانە سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیران و خەڵکی ئاسایی ڕووبەڕووی دەکەنەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوە فەرمیەکانی ئەمریکا، تا ئێستا زیاتر لە ٣٤٠٠ سەربازیان لە عێراق گیانیان لەدەست داوە، ئەمە وێڕای ئەو ئابڕووچوونانەی کە لەپێوەندی زیندانی ئەبوغرێب و ڕووداوەکەی مەحمودیە و دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکی سڤیل خراونەتە بەر دیدی جیهانیان و ڕیسوایی پێیەخشیوون.

چاودێران پێیانوایە خودی جۆرج بووش بۆ ئەوەی خۆی لە بەرپرسیارێتی زیانەکانی ئەو شەڕانە بدزێتەوە، سەرنجی جیهانیان بەلای بابەتێکی دیکەوە ڕادەکێشێ کە ئەویش بەرنامەی چەکی ناوکی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بەڵام جۆرج بووش بە



توندی بەرسڤی ئەو تۆمەتانە دەداتەوەو خۆی بە پارێزەری بەرژەوەندەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەزانێ!

بەرژەوەندەکانی ئەمریکا ئەگەر ئەوە بێ کە بێ باکانە هێرش بکاتە سەر وڵاتان و گەلان ناچار بکات کە پێڕۆی بەرنامە و سیاسەتەکانی ئەو بکەن، نەک هەر ڕەوانیە و بەرپەرچی دەدرێتەوە، بەڵکو وەک ئەوەی ئێستا لە ئەفگانستان و عێراقدا بەدی دەکرێ، دووچاری زیانی گەورەتر دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندەکانی ئەمریکا ئەوە بێ کە خۆی لە شەڕی دیتران بپارێزێ، دەبێ پاسەوانی لە سنوورەکانی خۆی بکات و هەڵپەی ئەوە نەکات قەڵغانی تراویلکەیی لە دەرەوەی سنوورەکانی دروست بکات.

بەرژەوەندەکانی ئەمریکا هەرچی هەبن، ئێستا کێشەیەکی گەورە لە نێوان ئەمریکاو ئێران لە ئارادایەو جیهانیان بە ترسەوە لە ئاکامی ئەو کێشەیە دەڕوانن. ئەمریکا سەرسەختانە تێدەکۆشێ تا دۆست و لایەنگر بەلای خۆی ڕابکێشێ و هاوپەیمانیەتێکی تازە دروست بکات، بەڵام هێنانە خوارەوەی تۆنی بلێر و خۆ دزینەوەی وڵاتانی دیکە نەک هەر ئەو دەلیڤەیەی بۆ نارەخسێنن بەڵکو ناتوانێ سەرنجی نەیارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەلای خۆیەوە پەلکێش بکات. ئێستا زۆرێک لەو حزب و ڕێکخراوانەی کە لە هەندەران وەک ئۆپۆزیسیۆنی تاران خۆیان دەناسێنن، بە لێکدانەوەی ڕەوشی ئەفگانستان و عێراق پشتیوانی لە هەڕەشەکانی ئەمریکا ناکەن و نایانەوێ شەڕێکی کاولکەرانە دژ بە نیشتمانەکەیان بەڕێوەبچێ.

ئەمریکا پەرۆشانە باوەش بۆ نەیارانی تاران دەگرێتەوە، تەنانەت نازی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران کە ناوی لە لیستی گرووپە تیرۆریستەکانی وەزارەتی دەرەوەری ئەمریکا دایە، دەکێشێ. لەم ڕۆژانەی دوایی سەرچاوەکانی هەواڵ سەر ڕاستیان کردەوە کە ئەمریکا چەکدارانی بنکەی ئەشرەفی موجاهیدینی هەڵکەوتوو لەنێو خاکی عێراقدا پڕ چەک کردۆتەوە.

پڕچەک کردنەوەی چەکدارەکانی موجاهیدین بە دەستپێکی ئەو شەڕە لێکدەرێتەوە کە حکومەتی ئێستای ئەمریکا دەیەوێ دژ بە ئێران هەڵیگیرسێنێ، بەڵام بێباکی بەرپرسانی تاران لە پێوەندی هەڕەشەکانی ئەمریکا چۆن شرۆڤە دەرکرێ؟!

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک هەر بێباکانە لە هەڕەشەکانی ئەمریکا دەڕوانن، بەڵکو باس لە برینی هەر دەستێکیش دەکەن ئەگەر بیەوێ هێرش بۆ سەر وڵاتەکەیان دەست پێبکات.

چاودێران پێیانوایە بێباکی تاران لە خاڵە لاوازەکانی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە، لە ئاکامی خوێندنەوەیەکی ڕامیاریانە و سەربازیانەوە بەو باوەڕەی گەیاندووە کە ئەمریکا نەک توانای هێرش کردنە سەر وڵاتێکی دیکەی نەماوە، بەڵام دەرچوونێکی ئاوروومەندانەشی لە عێراقدا وەزحەمەت کەوتووە.

تاران ئەزموونێکی گەورەی لە شەڕی عێراق- ئێران دا هەیە، دەشتوانێ بە ئاسانی سەربازانی خۆی بۆ پارێزگاریکردن لە نیشتمان تاو بدات، لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی هەشت ساڵە خۆیایی کردووە کە جگە لە موجاهیدینی خەڵک بەدەگمەن ڕێکخراوێکی دیکەی نەیار هەڵدەکەوێ کە پشتیوانی هێرشی دەرەکی بۆ سەر ئێران بکات. ئێران لەو باوەڕەدایە کە سوپاکەی توانای ئەوەی هەیە بەرگری لە خاکەکەی بکات، باوەڕیشی وایە کە خەڵکی ئێران بە ئاسانی بە ئەمریکا تامی ناکرێن وخۆشیان دە داوی سیاسەتە بەرژەوەندخوازەکانی ئەمریکا ناهاوێن.

ئێستا سەرنجی چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو دانوستاندنەیە کە بڕیار وایە لە ڕۆژانی داهاتوودا لە بەغداد پێکبهێنرێ نوێنەرانی هەردوولا بەیەکەوە دابنیشن و سەبارەت بە ڕەوشی عێراق ڕاستەوخۆ دانوستاندن بکەن.

چاودێران لەو باوەڕەدان کە بەهۆی خراپی ڕەوشی ئاسایشی عێراق و بێهیوایی هێزەکانی ئەمریکا لە سەرکەوتن، حکومەتی تاران لە خاڵی هێزەوە بەشداری لەو دانوستاندنەدا دەکەن و لە بێباکی خۆیان نایەنە خوارەوە، بەڵام لەوانەیە ئەمریکا نەرمی بنوێنێ و واز لە زمانی هەڕەشە و گەفکردن بهێنێ.

ئەوان پێیانوایە ئەگەر ئەمریکا لەسەر هەڕەشەکانی خۆی بەردەوام بێ، دانوستاندنەکە ناکام دەمێنێتەوە. ناکام مانەوەی دانوستاندنەکەش نەک هەر لەبەرژەوەندی ئەمریکا دانیە، بەڵکو کێشەو گرفتەکانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق قوڵتر دەکاتەوەو سیاسەتی دەرەوەی واشنگتۆنیش بەرەو هەرەس دەبات.

ئەوەی ئاشکرایە حکومەتی بەغداد دەزانێ لە نێوان هەڕەشەکانی ئەمریکاو بێباکیەکانی ئێران دا گورزی کاریگەر بەپەیکەری دەوڵەتەکەیان دەگات ، بۆیە بە پەرۆشەوە لە سەرکەوتنی دانوستاندنەکە دەڕوانێ، بەوهۆیەشەوە خوازیارە کە ئەمریکا نەرمی بنوێنێ و پێوەندیەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا گرژی و ئاڵۆزی زیاتری تێنەکەوێ و چیتر ئەوان بە پرووشکی ئاگری نێوان ئەمریکاو ئێران نەسووتێن.

# ئاوەدانکردنەوەی عێراق، پرۆسەی ئەمریکای بەردەم ڕەشەبا

لە ئاماژەیەکی بێزارکەری بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرپەرشتی دەکات، دەرکەوتووە لەو هەشت پڕۆژەیەی کە تەواوکراون و ئەمریکا بانگەشەی سەرکەوتنی کردوون، حەوتیان لەکار کەوتوون.

پشکێنەرانی فیدراڵی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا دیاریان کردووە لەو هەشت پڕۆژەیەی کە حکومەتی ئەمریکا شانازی پێوە دەکردن، حەوتیان ڕاگیراون. گرفتی جۆراوجۆریان هەیە، کێماسی کارەبا، نەبوونی نۆژەنکردنەوە یان کەلوپەلی پێویستیان لێدزراوە، بەوهۆیەشەوە لەکار کەوتوون.

لەژێر گوشاری پشکێنەرانی فیدراڵیدا پێشتر حکومەتی ئەمریکا دانی بەوەدانابوو کە هەندێک لەو پڕۆژانە وازیان لێهێنراوە، یان لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا تەواو نابن و دوا دەکەون، بەڵام پشکێنەران بە فەرمی ڕایانگەیاند کە ئەو پڕۆژانەی بە فەرمی سەرکەوتوو ڕاگەیاندرابوون ڕاگیراون و لە کار کەوتوون.

پرۆسەی پشکنین کە ئاژانسی فیدراڵی ئەمریکی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق ئەنجامی داوە، بریتی بوونە لە نەخۆشخانەی لە دایک بوون، نشینگەی تایبەت بۆ هێزەکانی سوپای عێراق، وێستگەی کارەبای فڕگەی بەغداد کە گوژمەیەکی زۆریان تێدا سەرف کراوە، بەتایبەتی وێستگەی کارەبای فڕگەی بەغداد کە یازدە ملیۆن دۆلاری تێچووە، بەشێکیان کار ناکەن و بۆ بەردەوامی دەست نادەن. هەروەها نەخۆشخانەی منداڵبوونی شاری هەولێر کە هەوڵێکی زۆری نۆژەن کردنەوەی دراوە و خەرجێکی زۆری تێداکراوە. بەمەبەستی خزمەتگوزاری تەندروستی هەنگاوی بۆ هەڵگیراوەتەوە، پشکنێنەران بۆیان دەرکەوتووە کە ئامێری سووتاندنی پاشکەوتوویی تەندروستی کە پارەیەکی زۆری پێدراوە کار ناکات، پاش داخستنیشی کلیلەکەی بزر بووە. بەوهۆیەشەوە پاشەڕۆی شتە بەکار هاتووەکان ڕاستەوخۆ فڕێ دەدرێنە ناوئاو، پیسی دەکەن و زیان دەگەیەنێ، کە لەوانەیە بچێتەوە ناو چاوگەی دابەشکردنی ئاو کە بەم دواییانەدا دروست کراوە و بە شێوەیەکی باش کار ناکات.

نووسینگەی پشکێنەری گشتی فیدراڵی کە بۆ چاودێری ئاوەدانکردنەوەی عێراق ڕاسپێردراوە و سەر بە ئاژانسی فیدراڵییە و پرۆسەی پشکنینی ئەنجام داوە، بێ پسانەوە هەوڵی داوە بگاتە ئەو شوێنانەی کە



جەیمس گلانز

پڕۆژەکانیان تێدا ئەنجام دراوە، بەڵام بۆ گەیشتن بە شوێنەکانیان، سەختی زۆریان هاتۆتە ڕێگە، بەوهۆیەوە نووسینگەی گشتی پشکێنەران لەو باوەڕەدایە ئەو هەشت پڕۆژەیەی کە سەدو پەنجا ملیۆن دۆلاریان تێدا سەرفکراوە و گوژمەی گشتیشیان دەگاتە سێ ملیار دۆلار پشتیان پێنابەسترێ، ئەمەش پێوانەی پڕۆژەکانی ترەو کەس تێیدا سوودمەند نابن. بەوهۆیەوە بەرپرسان دەڵێن: لە ئاکامی سەرەتایی کە پشکێنەران دەریانخستووە مەترسییێکی ڕاستین دەربارەی داهاتووی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە ئارادایە.

دان بەوەش دانراوە کە ئەو پرۆسانە بەشێکی بنەڕەتین لە پرۆسەی سەپاندنی ئاسایش کە هێزەکانی سەربازی هەوڵی بۆ دەدەن و پێیانوایە کە بەشێکی گرنگی بوژانەوەی ئابووری عیراقە دەبێ.

سەرباری ئەوەی کە لە عێراق هەوڵی جوانکردنی سیمای ئەمریکا دەدرێ، کەچی **ستێوارت باوێن** کە سەرۆکایەتی نووسینگەی پشکێنەران دەکات لە هەڤپەیڤینێکدا گوتوویەتی: پشکنین مەترسیەکانی هەرەسی حکومەت لە سەرمایەگوزاری گەورەدا دووپات دەکاتەوە کە لە عێراقدا ئەنجام دراون.

باوێن دەڵێ : بەهۆی مەترسیەکان لە توانای حکومەتی عێراق بۆ چاودێری کردن و بە دواداچوون و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و گرەنتی بەردەوام بوونیان، پشکێنەران ئەو پڕۆژانەیان بەسەر کردۆتەوە کە پێش شەش مانگ تەواو کراون و دەستیش نادەن.

هەرچەندە ڕاپۆرتی پشکێنەران ڕەخنە لە لایەنێکی دیاریکراو ناگرێ، بەڵام بەرنامەکانی ئەمریکا بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق لەژێر هەڕەشەدان و لەداهاتووشدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی دیکە دەبنەوە.

بەهۆی دیارنەمانی بەردەوام لە هاوسەنگی پڕۆژەکان و تێچوونی یەدەکی ڕاهێنان و ڕەگەزی پێویستی دیکە بۆ بەردەوام بوونی ئەو پڕۆژانە دوای تەواوبوونیشیان شکستی دیکە بەڕێوەیە.

لە دوایین بەشی ڕاپۆرتەکە کە نووسینگەی گشتی پشکێنەران ڕەخنەی کردوون و دووپات لەسەر کارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەی هەولێر کردۆتەوە. بۆ نموونە ئەوان کەلوپەلی نوێی پێویستیان پێدراوە تا ئۆکسجین بۆ تەواوی ژوورەکانی نەخۆشخانە دابین بکەن، کەچی بۆدابەشکردن پشتیان بە سیستەمی کۆن بەستووە. بەوهۆیەوە عێراقیەکان خۆیان بەشێک لەو بەرپرسیاریەتیە لە ئەستۆ دەگرن کە دوای ئەوەی پڕۆژەکان نۆژەن دەکرێنەوەو ڕادەستی خۆیان دەکرێتەوەو بایەخی پێنادەن.

جگە لە فڕگەی بەغداد و نەخۆشخانەی هەولێر و نشینگەی هێزەکانی تایبەتی عێراقی کە پشکێنەران بەسەریان کردوونەتەوە و گرفتیان تێدابووە، هەروەها پڕۆژەی بنکەی ناسریەو مەڵبەندی سەربازگیری نزیک حلە و پۆلیسی موسڵ کە سەرکەوتووبوونەو ماوەی شەش مانگ یان ساڵێک بەسەر تەواوبوونیان ڕەت بووە، کەچی پشکێنەران کێماسی و درزی گەورەیان تێدا دۆزیونەتەوە. مۆلیدەکانی کارەبایان لەکار کەوتوون، سیستەمی تەندروستی بەرەو دارمان دەچێ و بەشێک لە بیناکەشیان تێکچووە. ئەمە جگە لەوەی کە سیستەمی کارەبایی بەشێوەیەکی سەرەکی و کەلوپەلە یەدەکەکانیان بەکار ناهێنرێن.

دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەو گرفتانەی کە دووچاری پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەبنەوە پەیوەندیان بە کاری تێکدەرانەوە نیە کە یاخیبووەکان ئەنجامی دەدەن، بەڵکو ئاکامی لاوازی خودی پڕۆژەکان خۆیانن. ئەمە بێجگە لەو تاڵانیانەی کە هەندێ جار ڕوو دەدەن، بەرچاوترین نموونەش لەو پڕۆژانە دەبینرێن کە پێشتر تیپی ئەندزیاران لە سوپای ئەمریکی سەرکەوتن و تەواوبوونیان ڕاگەیاند بوو کە لە دروستکردنی نشینگەی تایبەتی هێزەکانی عێراقی بە پێنج ملیۆن دۆلار خەمڵێندراوە. هەرچەندە ئەو پڕۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٥دا تەواوکراوە، بەڵام پشکێنەران لە دوایین سەردانی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە گرفتی گەورەیان هەیە، کێماسی لە مۆلیدەکانی کارەبا پەیدابووەو لە کار کەوتوون و کەسیش هەوڵی چاککردنەوەی نەدوان. هەرچەندە چاککردنەوەی ئەو مۆلیدانە ئاسانە و پێویستی بە پارێزگاری لێکردن هەیە، بەڵام کەمتەرخەمی وای کردووە کە بەتەواوی لەکار بکەون و بێ کەلک بمێننەوە.

**٭ جەیمس گلانز بەرپرسی کاروباری دەرەوەیە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز**